**وەزارەتــــــــی داد**

**ئه نجومەنی په یمانگەی دادوەری**

پاڵپشت به بنەماكانی بڕگەی دەیەم له ماددەی (پێنجەم) لەیاسای پەیمانگەی دادوەری لەهەرێمی كوردستان - عێراق ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠٠٩ ئەم پەیرەوەی دەركرد :

## پەیرەوی ناوخۆی په یمانگەی دادوەری هەرێمی كوردستان – عێراق

## بەشی یەكەم

**ماددەی یەكەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی دادێن ، واتاكانی بەرامبەریان بۆ مەبەستی ئەم پەیرەوە :-

**یەكەم :** هەرێم : هەرێمی كوردستان - عێراق .

**دووەم :** یاسا : یاسای پەیمانگەی دادوەری له هەرێم ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**سێیەم :** وەزارەت : وەزارەتی داد له هەرێم .

**چوارەم :** پەیمانگه : پەیمانگەی دادوەری له هەرێم .

**پێنجەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی پەیمانگه .

**شەشەم :** سەرۆك : سەرۆكی ئەنجومەن .

**حەوتەم :** بەڕێوەبەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگه .

## بەشی دووەم

**ماددەی دووەم :**

پەیمانگه پێك دێت له :-

**یەكەم :** نوسینگەی سەرۆك : فەرمانبەرێك به پلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات كه هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت و شارەزا و لێهاتوو بێت له بوارەكه و چەند فەرمانبەرێك یاریدەدەری دەبن بۆ بەڕێوەبردنی ئەركەكەی كه پێی ڕاسپێدراوە لەلایەن ئەنجومەن .

**دووەم :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگه : بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كه بەڕێوەبردنی كارگێڕی پەیمانگه و جێ به جێ كردنی ئەرك و تایبەتمەندیەكانی دەكەوێتە ئەستۆ كه دەقنووس كراوە له ماددەی (حەوتەم)ی یاساكه و ئەم بەڕێوەبەراتیانەی خوارەوەی پێوە دەلكێن :-

١. بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەکادیمی و ڕاهێنان :

فەرمانبەرێك بە پلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات و چەند فەرمانبەرێك یاریدەدەری دەبن بۆ کاروباری ئەکادیمی و ڕاهێنان لە پەیمانگەکە . وە لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت :-

- ئامادەکردنی دادوەرەکان وداواکاری گشتی .
- ڕاهێنانی دادوەرەکان و داواکاری گشتی .
- ئامادەکردن و ڕاهێنانی پارێزەران .
- ڕاهێنانی کادری یاسایی جیاواز لە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی دادوەری ، وەزارەتی داد و وەزارەتەکان و دامەزراوە حکومیەکانی تر و بەرز کردنەوەی تواناکانیان (لێهاتویان).

٢. بەڕێوەبەرایەتی تۆمار :

فەرمانبەرێك بە پلەی ( بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یاسا یان کارگێری بە لایەنی کەم و خاوەن شارەزای بوارەکە بێت و کاروباری تۆمارکردن دەگرێتە ئەستۆ .وەلەم بەشانەی خـوارەوە پێك دێت :-

- کاروباری قوتابیان .
- کاروباری ڕاهێنەرەکان .

٣. بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی و خۆیەتی :

فەرمانبەرێك بەپلەی ( بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی بـەرایی زانکـۆ بێـت لـە یاسـا یـان کارگێری و چەند فەرمانبەرێك یاریدەدەری دەبن کە کاروباری کارگێری و خۆیەتی دەگرێتە ئەستۆ . پێکهـاتووە لەم بەشانەی خوارەوە:

- خۆیەتی .
- کارگێری .

٤. بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی :

فەرمانبەرێك بەپلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە ژمێریاری و خاوەن شارەزای بوارەکە بێت و کاروباری دارایی دەگرێتە ئەستۆ . و پێکهاتووە لەم بەشانەی خوارەوە:-

- مووچە .
- خەرجیەکان .
- ووردبینی .

٥. بەڕێوەبەرایەتی كۆمپیوتەر :

فەرمانبەرێك بە پلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات كە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێـت لـە زانـستەكانی كۆمپیوتەر و چەند فەرمانبەرێك یاریدەدەری دەبن ، و پێكهاتووە لەم بەشانەی خوارەوە :-

- ڕاهێنان لەسەر كۆمپیوتەر .
- سەرپەرشتی كردنی ماڵپەری ئەلكترونی پەیمانگە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت .

٦. بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەكان : فەرمانبەرێك بەپلەی (بەڕێوەبەر) بەڕێوەی دەبات كە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت و خاوەن شارەزایی بێت لە بوارەكە ، پێكهاتووەلەم بەشانەی خوارەوە :-

- پەیوەندیە گشتیەكان .
- كاروباری یاسایی .

## بەشی سێیەم
## وەرگرتن لە پەیمانگە

**ماددەی سێیەم :**

**یەكەم :** لەلایەن ئەنجومەنەوە پێداویستی و داواكاری پێشكەش كردن بۆ خوێندن لە پەیمانگە لەگەڵ دیـاری كردنـی كاتی پێشكەش كردن و تاقی كردنەوەكان و وادەی چاوپێكەوتن .

**دووەم :** ئەنجومەن هەلدەستیٚ بە دیاری كردنی لیژنەی تایبەت بۆ وردبینی كردن لە بەڵگەنامەی پێـشكەشكاران و هەبوونی مەرجی یاسایی بۆ وەرگرتن كە لە ماددەی (هەشتەم)ی یاساكەدا هاتووە .

**سێیەم :** ئەنجومەن هەڵدەستیٚ بە دیاری كردنی بابەتە زانستیەكان كە دەخرێتە نێو تـاقی كردنـەوەی ركابـەری بـۆ پێشكەشكاران .

**چوارەم :** ئەنجومەن هەڵدەستیٚ بە ئەنجامدانی تاقی كردنەوەی ركابەری و چاوپێكەوتن .

**پێنجەم :** هەڵبژاردنی ژمارەی پێویست لەلایەن ئەنجومەنەوە لە نێو داواكارانی خوێندن لە پەیمانگـە ئەوانـەی كـە مەرجی یاساییان تێدایە لەسەر بنەمای بڕوانامە و پلەكانیان و لێهاتوویی .

## بەشی چوارەم
## خوێندن لە پەیمانگە

**ماددەی چوارەم :**

**یەكەم :** ماوەی خوێندن لە پەیمانگە بۆ ئامادەكردنی دادوەران و داواكاری گشتی (دوو)ساڵ .

١. ساڵی یەكەم ئەم بابەتانەی تێدا دەخوێنرێت :

أ. یاسای شارستانی .

ب. یاسای سزادان .

ج. یاسای سەلماندن (إثبات) .

د. یاسای باری کەسی .

ھ. یاسای دادبینی شارستانی تیۆری و پراکتیکی .

و. یاسای شێوازی دادگایی کردنی سزای تیۆری و پراکتیکی .

ز. زمانی ئینگلیزی .

٢. ساڵی دووەم :

أ. ووتنەوەی ئەم باباتانەی خوارەوە :

١. لێکۆلینەوەی تاوانی تیۆری و پراکتیکی .

٢. پزیشکی دادوەری و تیۆری و پراکتیکی .

٣. دەرون ناسی تاوانی .

٤. ناکۆکی نێو یاساکان بۆ ڕاهێنراوەکانی دادوەری . وە داواکاری گشتی بەراورد کاری بۆ ڕاهێنراوەکانی داواکاری گشتی .

ب. پێشکەش کردنی توێژینەوە لە یاسای شارستانی یاسای سزادان .

**دووەم :** ماوەی خوێندن لەپەیمانگە بۆ ئامادەکردنی پارێزەران (یەك) ساڵ .

١. ئەم بابەتانەی تێدا دەخوێنرێت :

أ. یاسای شارستانی .

**ب.** یاسای سزادان .

ج. یاسای سەلماندن (إثبات) .

د. یاسای باری کەسی .

ھ. یاسای دادبینی شارستانی تیۆری و پراکتیکی .

و. یاسای شێوازی دادگایی کردنی سزای تیۆری و پراکتیکی .

ز. یاسای پارێزەرایەتی بەراوردکاری .

٢. پێشکەش کردنی توێژینەوە لە یاسای شارستانی یان یاسای سزادان .

**ماددەی پێنجەم :**

ئەنجومەن ڕێنمایی دەردەکات بۆ دیاری کردنی کاتی دەست پێکردنی و کۆتایی خوێندن و دیاری کردنی وەرزی خوێندن وکاتەکانی و دیاری کردنی پشوو.

**ماددەی شەشەم :**

ئەنجومەن وانە بێژەکان و سەرپەرشتیارانی توێژینەوە هەڵدەبژێرێت لە نێوان دادوەرەکان و داواکاری گشتی کە بەردەوامن لە ڕاژە یان خانەنشین کراوەکان یان پارێزەران یان ئەوانەی کە پێویستیان پێی هەیە لە پسپۆرانی چ لە ناو هەرێم بێت یان لە دەرەوەی .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەكەم :** ئەنجومەن بەخشین و كرێ دیاری دەكات كە دەدرێت بەرامبەر بە وانە وتنەوە یان راهێنان یان هەر یارمەتیەكی پێشكەش كراوی فێركردن لە پەیمانگە بە گوێرەی رێنمایەكانی دەرچوێنراو بۆ ئەم مەبەستە .

**دووەم :** ئەنجومەن رێكخستنی هەموو ئەوانەی كە پەیوەندیان بە تاقی كردنەوە هەیە لە پەیمانگە دەگرێتە ئەستۆ وەك پێكهێنانی لیژنەی تاقی كردنەوە و لیژنەی نارەزایی .

**سێیەم :** لیژنەی تاقی كردنەوە ئامادە كردنی هۆلەكانی تاقی كردنەوە و پەراوی تاقی كردنەوە دەگرێتە ئەستۆ .

**چوارەم :** پێویستە سەیركردنی پەراوی تاقی كردنەوە بۆ تاقی كردنەوەی سەر پەراو بە نهێنی بێت لە پەیمانگە پاش ئەوەی ناوی قوتابیانی بەشداربوو لە تاقی كردنەوە لەلایەن لیژنەكە لێ دەكرێتەوە .

**پێنجەم :** قوتابی مافی نارەزایی دەربرینی دەبێت لەسەر نمرەكانی ئەمەش دوای (سێ) رۆژ لە بەرواری ئاشكراكردنی ئەنجامەكان .

## بەشی پێنجەم

## حوكمە جۆراو جۆرەكان

**ماددەی هەشتەم :**

تەرخان كردنی بڕی پێویست بۆ خەرجیەكانی پەیمانگە دەكەوێتە سەر بودجەی وەزارەتی دادی هەرێم .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەنجومەن رێوشوێنی تایبەت دەردەكات بە بنەمای رێكاری كردنی پەیوەست بە قوتابیانی پەیمانگە و رێوشوێنەكانی .

**ماددەی دەیەم :**

دەكرێ بنەماكانی ئەم پەیرەوە هەموار بكرێتەوە لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان سێ لە ئەندامانی ئەنجومەن .

**ماددەی یانزدە :**

ئەنجومەن رێنمایی پێویست دەردەكات بۆ جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەو پەیرەوە .

**ماددەی دوانزدە :**

ئەم پەیرەوە جێ بەجێ دەكرێت لەرێكەوتی دەرچوونیەوە لەلایەن ئەنجومەن وە لەرۆژنامەی وەقایعی كوردستان بلاودەكرێتەوە ، نوسرا لەهەولێر لەرۆژی ٢٦ی مانگی خەرمانانی ساڵی ٢٧١١ كوردی و بەرامبەر رۆژی ١٧ی مانگی ئابی ساڵی ٢٠١١ زاینی .

**سەرۆكی ئە نجومەن**
**دادوەر رامز علی داوودی**
**جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز**